دابەشکردنی زەوی بەسەر هەزاران فەرمانبەر و خانەنشین و زیندانیانی سیاسی هەرێم دواکەوتوە

بەیاربوو ئەم هەفتەیە شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان تیروپشک بە قەناغی دووەمی دابەشکردنی زەوی بکەن و ناوی دەیان هەزار فەرمانبەر و خانەنشین لە بگەیەنرێت کە زەوییان پێدەدرێت، بەڵام بەهۆی کێشەی خاوەندارێتی، هەروەها نەبوونی زەوی و کەمەکی گرفتی دیکە پرسەکە دواکەوتووە.

بەگوێرەی زانیارییەکان، بەیارە لە کەبوونەوەی سبەی چوارشەممە 11ـی کانوونی یەکەم، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم گفتوگۆی لەسەر بکات.

زانیاری زیاتر...

دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی، ناوەکان دەکرێن بە لیست و ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێن، دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، دووبارە بە شارەوانییەکان دەنێردرێنەوە، دواتر ژمارە و کاتی دابەشکردنی زەویەکان سەرکایەتی شارەوانییەکان لە یەدگەیەنن.

سەربەست مەولوود، بەڕێوەبەری بەشی یاسایی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم بە میدیای پارتی ڕاگەیاند، "لەبەشکی ناوچەکان گرفتی دابینکردنی زەوی هەیە، لە سلێمانی تا ئێستا نزیکەی 30 هەزار پارچە زەوی ئامادەکراون، بەڵام پێویستیان بە زەوی زیاتر هەیە".

هەر لە سلەمانی ئەمە سەشەمە تیرووپشک بە ناوی 300 بە 400 زیندانی سیاسی دەکرێت بە ئەوەی زەوییان پێبدرێت.